دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی تەکویر ٢٩ ئایەتە

## سوورەی تەکویر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو کاتە کە ڕۆژ تۆ پەڵکرا تاریک و ڕەش و بێ‌تیشک بو ﴿١﴾ ئەو کاتە کە ئەستێرەکان ڕژان و تاریک بوون ﴿٢﴾ ئەو کاتە کە کێوەکان دەخرێنە بزوتن و ڕۆیشتن ﴿٣﴾ ئەو کاتە کە وشترانی لە سەرزان بەرەڵاو بێ خێوکران ﴿٤﴾ هەروەختێ بوونەوەرو لاورە کێوی و وەحشی و جرۆجانەورە کان کۆکرانەوە ﴿٥﴾ هەلێ؛ وەختێ هەموو زەریاکان هەڵچون و تێکەڵ بەیەک بوون و گریان گرت ﴿٦﴾ وەختێ هەمووگیانداەرەکان ولف و جوتی یەکبون ﴿٧﴾ ئەو کاتەکە لە دۆست و کچانی زیندە بە گۆڕکراو پرسیار کرا ﴿٨﴾ بە چ تاوانێک کوژراون ﴿٩﴾ ئەو کاتە کە پەڕاوەکان (تۆماری کردەوەکان) کرانەوە ﴿١٠﴾ ئەو کاتە کە ئاسمان لە جێی خۆی لابرا ﴿١١﴾ ئەو کاتەکە دۆژەهگری گرت و بڵێسەی داوە ﴿١٢﴾ ئەوکاتە کە بەهەشت خرا پێش و نێزیک کراوە ﴿١٣﴾ هەموو کەسێک دەزانێ چی ئامادە و حازر کراوە ﴿١٤﴾ سا سوێند دەخۆم بەو هەسارەگەڕ کانە ﴿١٥﴾ خول دەخۆن و لە جێی خۆیان ونن ﴿١٦﴾ سوێند بەم شەوە کاتێ کە تاریک دەبێ ﴿١٧﴾ سوێند بەم بەرزەبەیانە، کاتێ کە هەناسەی سپێدە ئەدا ﴿١٨﴾ ئەوە (قورئان) قسەی ڕەوانەکراوێکی بەرێزو کەریمە ﴿١٩﴾ خاوەن هێزە، لای خوای عەرش، خاوەن پایەو پلەیە و جێدارە ﴿٢٠﴾ قسەی بڕەودارو جێی متمانە و دڵنیاییە ﴿٢١﴾ یاری ئێوە (پێغەمبەر) شێت و لێوە نییە ﴿٢٢﴾ بە هەقیقەت ئەوەی ڕەسوولی خوا لە ئاسۆ بە ئاشکرا دیوە ﴿٢٣﴾ لە درکاندنی نادیارو نهێنیش ڕژدوچکوس و چنۆک نییە ﴿٢٤﴾ ئەم قورئانە قسەی شەیتانی ڕەجیم نییە ﴿٢٥﴾ ئەی بۆ کوێ دەچن؟ ﴿٢٦﴾ ئەم قورئانە تەنیا پەند و یاداوەری یەکە، بۆ جیهانیان ﴿٢٧﴾ بۆ هەرکەس لە ئێوە کە بیهۆی بکەوێتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٢٨﴾ بەویستی ئێوەش نییە مەگەر خوای پەروەرندەی گشت جیهانیان، خۆی حەز بکا و بیەوێ ﴿٢٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi